# خۆشەویستی منالێکی ئازادە لەگەڵ درۆ مەزن نابێت !

تامان شاكر
2005/12/2
tamanshakir@yahoo.com

دەكرێ بڵێن خۆشەویستی وەڵامە بۆ كێشەی بوون و سەلماندنی مرۆڤ ،یان خۆشەویستی تەنها هەستێكە؟یان پەیوەستە بە كۆمەڵێك بنەمای ترەوە،بەبێ ئەو بەنەمایانەش خۆشەویستیەكی نەزۆكی لێدەردەچێت،و دەبێتە كاڵایەكی هەرزان لە بازاڕ بۆ سەوداو مامەڵە،و هەزاران تاوان و بوختان و سووكایەتی بە ناوەو دەكرێت.

خۆشەویستی یانی بە خشندەیی یانی گەورەیی پێم وانییە مرۆڤی بچووك، نەك ناتوانێ  خۆشەویستی بكات، بەڵكو ناتوانێ لێشیەوە تێبگات،خۆشەویستی پەیوەستە بەڕاستگۆیی،وڕێز و دیسپلین،و بەرپرسیاریەتی.ئەوانەی خۆشەویستی دەكەن تەنها كەسانی  پێگەیشتوو ئازاد و زیندوون،توانای ژیانیان هەیە،بۆ ئەوەی خەڵكت خۆش بووێت،و بزانی خۆشەویستی بكەیت، دەبێت خۆتت خۆش بوێ،بۆئەوەی خۆشەویست بیت،دەبێت خەڵكت خۆش بووێت ئەو كاتە هەست دەكەی مرۆڤێكی ئازاد و پێگەیشتووی.

 ئەو خۆشەویستیەی گەنجانی ئەمرۆی كورد دەیكەن سەرپڕینی خۆشەویستییە،خۆشەویستی منالێكی ئازادە لەگەڵ درۆ مەزن نابێت، بە درۆ كردن بۆ بەرامبەر ڕۆژانە سەدان جارئەو منالە لەدار دەدرێت،كەسانی زۆر هەن لە جیهاندا تووشی نەخۆشی كەم خوێنی دەبن،بەڵام تاكی كورد تووشی نەخۆشی كەم خۆشەویستی بووە.چۆن كەم بوونی ڕێژەی ئاسن لە لەشی مرۆڤدا، لەشێكی لاواز و نابووت دروست دەكات، بەرگەی كەرماو سەرماو ماندوو بوون ناگرێت،بە كەمبوونی خۆشەویستیش ژیان جوانییەكانی لە دەست دەدات وهەموو ڕەنگەكانی ژیان خود كوژی دەكەن .

.زۆرن ئەو گەنجانەی بەهۆی نەبوونی خۆشەویستی لە ژیانیاندا پەراوێز كراون ڕقیش پانتایەكی گەورەی لە ژیانیاندا داگیر كردووە،و حەزی تۆڵە سەندنەوەو دژایەتی و سووكایەتی پێكردنی بەرامبەركەیان كردووە بە ڕەوشت،و حەز دەكەن كەسانی تر تووشی سووكایەتی و داڕمان بكەن .

 ماڵی كوردەواری ئارامگەیەكی گونجاو نییە بۆ خۆشەویستی،نازانم تاكی كورد لە كوێوە خۆشەویستی فێر ببێت.لە ماڵەوە كە منالە لەسەر هەموو هەڵەیەك چەپۆكێكی بەر دەكەوێت و زمانی گفتوو گۆ ونە لە نێوان ئەندامانی خێزاندا و باوك دەوری دیكتاتۆر دەبینێت و دایكیش لاوازو بێدەسەلات .قوتابخانەش بە هەمان شێوەیە،مامۆستای كورد نەیتوانیوە ببێت بە هاوڕێی قوتابیەكانی وبەڵكو پەیوەندییەكی پر لە ترس و دڵەڕاوكێ لە نێوانیاندا هەیە.

تاكی كورد شانزە ساڵ دەخوێنێت بۆ ئەوەی ببێت بە مامۆستایەكی سەركەوتوو یان پارێزەر یان پزیشك بەڵام لە هیچ قوتابخانەیەكی ژیان لەلای ئێمەدا بە خێزانیشەوە بۆ تاكە كاتژمێرێك وانەیەكی خۆشەویستی تیا

ناوتریێتەوە،لەوڵاتی ئێمەدا هەموو ناشیرنیەکان جێگەیان بۆتەوە کوشتن، دزی، سوتاندن، گەندەڵی سیاسی و دارایی درۆ ساختەکاری تەنها خۆشەویستی نەبێ چونکە گرێدراوی شەرەفەو بەر نەفرەتی خوداکان کەوتووە، ناو ناوبانگێکی باشی نییە تەنها لە چیرۆك و داستانەکانە پر سەروەریەکانمان نەبێت یان لە شعری شاعیرەکاندا نەبێت،بەلاَم لە ڕاستیدا خۆشەویستی شەرمەزاریی و حەیا چوونە.زۆرن ئەو شاعیرانەی جوانترین شعریان بۆ خۆشەویستی نووسیووە کەچی لە ژیانیاندا لە وانەیە کەسێکیان خۆش نەویستبێ،چونکە خۆشەویستی شتێکی ئاسایی نییە و نەبووە لەلای ئێمە نەمان توانیوە یان نەمان زانییوە لەژیانی ڕۆژانەشماندا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین،و وەك هاوڕێ و هاوکار یەکترمان خۆش بووی ڕێز لە تایبەتمەندیەکانی یەکتر بگرین و کەسیش فێری نەکردووین و خاوەنی ئەزموون نین،تەنها فێری ئەوەبووین دژایەتی یەکتر بکەین ئەمەش هەمووی پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە،و لە ژیانی تاکی کوردا بە زەقی دیارەو ڕەنگی داوەتەوە.ئەو نامۆیی و بۆشاییە گەورەی نێوان نێر و مێ لە کوردستاندا وای کردووە ڕەنگی خۆشەویستی لە ژیانماندا ون بێت، چونکە کەسانی نامۆ ناتوانن خۆشەویستی بکەن بەڵکو دەبێت نزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتن هەبێت و ئەو دیوارەی نێوان تاکەکان بڕوخێنرێت بۆ ئەوەی دەرگاکانی ڕۆح ئاواڵە بێت بۆ خۆشەویستی.و کەسەکان هەستیان بۆ یەکتر هەبێت چونکە بەبێ بوونی هەست خۆشەویستی دروست نابێت.ڕەنگی ژیان لە کوردستان هەر رەش و بۆرە تەنێ ڕەنگی پیاوە.ئەویش نەی ویستووە یان نایەوێ لەگەڵ ڕەنگەکانی تر تێکەل بێت،بۆیە پێی وایە تەنها ئەو دەتوانێ بڕیار بۆ ژیانی کەسانی تر بدات،و هەرکاتێکیش ویستی سووکایەتیان پێبکات .

هەڵس و کەوتی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ناخیەتی، کورد دەڵی سوراحی چی تیابێت ئەوەی لێدەرژێ.ئەوەی گەنجانی کورد ئەمڕۆ دەیکەن بەناوی خۆشەویستیەوە ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە کە تێدا ژیاون و گەورە بوون گەنجێك کە بەرهەمی فابریکەی حیزبێت و نەوەی شەڕی ناوەخۆ و تەزکییەو بێت چاوی هەر لە پارە بێت، بێگومان ناتوانێ خۆشەویستی بکات.

ئەوەش تاوانی گەنج نییە کە ئەمڕۆ سوکایەتی بە کەسانی ترەوە دەکات، و خەتای ئەو ژینگەو ئەو سیستەمەی پەروەردەیە کە ناتوانی مرۆڤێکی تەندروست پەروەردە بکات بەو کارانەشیان پیشانی دەدەن کە ئەوانە لە چ ئاستێکی نزمی کۆمەلآیەتیدا دەژین،و چەند لە مرۆڤ دەچن .ئەو کچانەشی کە بەناوی خۆشەویستیەوە وێنەیان گیراوە و سوکایەتیان پێکراوە دەبێت بە زەییان بەو کوڕە دەروون نەخۆشانەدا بێتەوەو بیان بوورن، گەنجێك دڵی ئەوەندە ڕق و کینەی تیا بێت و لە بری خۆشەویستی و لێبووردن، سوکایەتی بە خۆشەویستی بکات، تەنها شایانی بەزەییە، بۆیە ئەوانەی لە ژیانیاندا خۆشەویستیان نەکردووە تەنها جێگەی بەزەیین .